www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21-7-2006 9:46

## پێشنیارێک بۆ کاربەدەستانی کورد لە کەرکوک، لەیادی 42 وەمین ساڵرۆژی شەهیدی پێشمەرگەو کرێکاری کۆمپانیای نەوتی کەرکوک، حەکیم حەمەرەش.. عبدالستار شوانی

سەرەتایی وەرزێکی نوێ بوو
هۆزانێکی زەحمەتکێشم
بروسکەیەکی بەپەلەی، بۆ مەکۆی (بروسک) پێ بوو
کێ دەزانێ لەو کاتەدا
روحیانەتی (حەکیم حەمەرەش) لە کوێ بوو. (مەلا شاخی) 1.

تائێستا لەیادم ماوەو هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. کات، کۆتایی نیوەی دووەمی ساڵی حەفتاکان، دوای نسکۆی شۆرشی ئەیلول بوو. شوێن، شاری کەرکوک بوو. سەرەڕای ئەوەی ڕژێمی شۆڤینی بەعسی عەرەبی (احمد حسن البكر) بەدڕندانەترین شێوەو بەهەموو جۆرێک وبەبەرنامەی داڕێژراو، درێژەی ئەدا بە پرۆسەی تەعریبکردنی کەرکوک، بە ڕاگواستن وتەبعیس وبەعەرەبکردنی تاکی کوردو عەشیرەتە کوردیەکان، وەک شوانی، بە (حەمدانی) لەقەڵەم ئەداو بە عەشیرەتی ساڵەیی دەووت (یالحی) واتە عەرەبن. بۆ کارتێکردن لە باری سایکۆلۆژی ودەرونی وروخاندنی ورەی کورد لەکەرکوک، کە ئەمە خاڵێکی سەرەکی بوو لە بەرنامەی پرۆسەی تەعریبکردن. ڕژێم لە سەر هەموو دامووەدەزگاکان و زۆربەی دیوارەکان دروشمی شۆڤێنیستی عەرەبی (نەوتی عەرەب بۆ عەرەب) و وێنەی بەڵاوکردبۆوە. یەکێ لەو وێنانە کە زیاتر لە دوو مەتر پانی وسێ مەتر درێژی بوو، وێنەی سەربازێکی ئەسمەر، بەپۆستاڵە ڕەشەکەیەوە، پێیەکی لەسەر بەردێک دانابوو، چەکێکی بەدەستەوە بوو، ڕووی چەکەکەی لەبەرامبەرەکەی کردبوو، دەمی کردبۆوەو هاواری دەکردو لەپشت سەریەوە، بە پیتی گەورەی عەرەبی نوسرابوو (ئەمە خاکی منە، باوکم لێرە خۆی بەختکرد) وێنەکەش لە نزێک چوارڕیانی عەرەفە و ڕوو لە شەقامی کەیوان دانرابوو. هەرکاتێک ئەو وێنەیەم ئەبینی وام دەزانی گولە بەسنگی من وهەموو کوردی شارەکەوە دەنێت. ئەمانە هەمووی دیاردەی داگیرکەرێکی دڕندە بوو.

بەڵام ئەمڕۆ لە سایەی خوێنی پاکی شەهیدان وهێزی نەبڕاوەی پێشمەرگەی ماندونەناس وهێزی لە بنەهاتووی گەلی کوردستان، کوردستان ئازادەو کەرکوکیش پێیناوەتە ناو قۆناغێکی تر. کورد تا ڕادەیەک دەسەڵاتی هەیە لە شارەکە، بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە وگەڕاندنەوەی مۆرکە مێژووییە کوردستانیەکەی. تا ڕادەیەک کار کراوە لەم بوارەدا بەڵام بەبەراورد بەسێ ساڵ زۆر کەم کراوە. جا وەک پێشنیارێک بۆ بەردەم بەڕێزان کاربەدەستانی کورد لە کەرکوک، ئەگەر بکرێت، چوارڕیانی یەکەمی عەرەفە یان چوارڕیانی دووەمی ناوەوەی عەرەفە یاخود شەقامی عەرەفە- کیوان، بەناو شەهید حەکیم حەمەرەش یان کوڕە شەهیدەکەیەوە بکرێت.

شەهید حەکیم حەمەرەش لە ساڵی 1932 لە کەرکوک لە خێزانێکی کورد پەروەر چاوی هەڵهێناوە. لەساڵی 1955 لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک (ستاپلاین) وەک کرێکار دامەزراوە. هەر لەو کاتەوە هەستی بەچەوسانە وەی نەتەوەکەی کردووە، بۆیە لە ساڵی 1958 پەیوەندی بەرێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە2. لە ساڵی 1961 کاتێک (عبدالكريم قاسم) خەباتی ئاشکرای ئەو پارتە قدەغە دەکات، شەهید حەکیم ماڵەکەی خۆی، کەئەو کات دەکەوتە گەڕەکی ڕەحیماوە، دەکاتە مەکۆ، بۆ ڕێکخستنی نهێنی وشاردنەوەی کادیرو ئەندامەکان، وەکو ئەم بەڕێزانە (شەهید عومەر دەبابە، جەلالی ئەورەحمان وخالید دلێر... هتد) 3. دوای ماوەیەک ماڵەکەیان لەلایەن سیخوڕەکانی ڕژێمەوە ئاشکرادەبێت و مامی شەهید (عەلی سەعید) دەگیرێت وڕەوانەی بەندینخانە دەکرێت و شەهید حەکیم پەیوەندی دەکات بەهێزی پێشمەرگە لە بنکەی چەمی ڕێزان. لەبەر لێهاتوویی وئازایەتی وزیرەکی، بەپلەکانی پێشمەرگایەتی دەڕوات تادەبێتە سەرلق. بەڵام سەد حەیف ومخابن لە ناوەڕاستی تەموزی ساڵی 1964، لەسەردەمی ڕژێمی دژەکوردی (عبدالسلام عارف) . لە شەڕێکی نابەرامبەرو قورس ودرێژخایەن، لە ماوەت لەگوندی ژاژڵێ، خۆی وهەڤاڵی هاوسەنگەری (ئەبوبەکر قەمچوغەیی) ، بە خوێنی پاکیان خاکی کوردستان ئاودەدەن وبۆ دواجار ماڵئاواییدەکەن ودەگەنە کاروانی پڕسەروەری نەمرانی کوردو کوردستان4. لەساڵی1997 تەرمی شەهید حەکیم حەمەرەش دەگوازرێتەوە بۆ ئارامگای شەهیدانی چەمچەماڵ لە تەنیشت ئارامگای کوڕە شەهیدەکەی

(شوان حەکیم) دەنێژرێت. جێی ئاماژەپێکردنە، شەهیدی جوانەمەرگ شوان لە ساڵی 1962 لەکەرکوک لەدایک بووەو پێشمەرگەی کەرتی دووی تیپی 21 کەرکوک بووە ولەساڵی 1985 لەداستانە نەبەردەکەی دابان لە گوندی حاجیتان دەگاتە کاروانە نەمرەکەی شەهیدان5.

جا هیوادارم بۆ بەرزڕاگرتنی ناو وگیانی پاکی شەهیدەکانمان و بۆ هێنانەدی نەختێک لە هیواو ئاوەتەکانیان و بۆ بەشداریکردنیان، ئەگەر بەناویشبێت لە بەری رەنج و خەباتییان لەم کاتەدا کە پرۆسەی ئاسایی کردنەوەی شاری کرکوک دەستپێدەکات، بەڕێزان کاربەدەستانی کورد لە کەرکوک بتوانن شەقمێک یاخود چوارڕییانێک بەناوی شەهیدەکانمانەوە بکەن.

سەرچاوەکان
1. کتێبی، لەبیرەوەری راپەرین ورزگارکردنی کەرکوکدا (ملا شاخی) .
2. رۆژنامەی روناکی ساڵی 2002.
3. رۆژنامەی روناکی ژ 12 ساڵی 2001.
4. رۆژنامەی کەرکوکی ئەمرۆ ژ90 ی 2005.
5. کوردستانی نوێ ژ 2689 لە 20. 02. 2002.

عبدالستار شوانی
2006 .07 .16
Shwany88@hotmail. com